# چاکتر کەرانی* مرۆڤایە تی

فردیک نیچە
لە ئە ڵمانییە وە بۆ کوردی
Muaiad Zirary

1

مرۆڤ دە زانێت داوای من لە فە یلە سووف چییە، خۆدانان لە و دیوی خێرو شە ڕ، جێهێشتنی حوکمی خە یاڵی مۆڕاڵ. ئە م داوایە بە دوای بیرۆکە یە ک دێت، کە بۆ یە کە مجار لایە ن منە وە فۆرمووڵە کراوە: کە هیچ حە قیقە تێکی مۆڕاڵی نیە. حوکمی مۆڕاڵی هاوبە شی لە گە ڵ حوکمی ئاین هە یە، باوە ڕی بە و حە قیقە تانە هە یە، کە نین. مۆڕاڵ تە نها مانای دیاردە کی دیاریکراوی گووتارێکی دیاریکراوە، بە دمانابوونە. حوکمی مۆڕاڵی هی ئاستێکی نادڵنیاییە،کە کە ماسی هە یە لە جیاوازیکردنی وە هم و حە قیقە ت: لە ئاستێکی ئاوادا، بە گوێرە ی ئە و شتانە ی هێماکراون، ئێمە ئە مرۆ پێی دە ڵێین " وە هم ".بە مێیە هە رگیز ناکرێ حوکمی مۆڕاڵی وشە بە وشە وە رگیرێ: وە ک ئە مانە، تە نها لە دژە-مانا پێک هاتوون. بە ڵام وە زیمیۆتیک[1] زۆر گرنگ دە مێننە وە. بۆ زانستخواز لایە نی کە م، بە نرخترین حە قیقە تی ناخی کولتوورە کانن، کە نە یانتوانی خۆیان لە خودی خۆیان تێبگە ن. ئە خلاق زمانی هێمایە، تە نها سیمپتۆماتۆ لۆجیایە[2]، مرۆڤ دە بێت بزانێت چیە بۆ ئە وە ی لایە نە باشە کانی بۆ خۆی کێشبکات.

2

یە کە م نموونە و تە واو بە خێرایی. لە هە موو کاتە کان دا مرۆڤ[3] ویستوویە تی مرۆڤ باشتر بکات: ئە مە پێش هە موو شتێک یانی مۆڕاڵی. بە ڵام لە ژێر هە ما ن وشە دا جیاوازیترین مە یل شاردراوە تە وە.ماڵی کردنی دڕندە-مرۆڤ، هە روە ها پە لە وە رکردنی ڕە گە زێکی دیاریکراوی مرۆڤ پێی وتراوە "باشترکردن": ئە و وشە زوولۆجیە تە عبیر لە ڕاستی وا دە کا، لە و "چاکسازانە"، لە و قە شانە ی، کە نە دە زانن و نە دە شیانە وێت بزانن. ماڵیکردنی دڕندە بە " باشترکردن" ناوی-لێبندرێت لە گوێی ئێمە هە ر لە نوکتە یە ک دە چێت. کێ دە زانێت، چ لە ناو باخچانە دا ڕوودە دات، گوماندە کات، کە ئە و دڕندە یە چاکتر دە بێت. ئە م دڕندە یە لاواز دە کرێت، کە متر زیانبە خش دە کرێت، ئە م دڕندە یە بە ڕۆحێکی ترسنۆکی خە مۆکی، بە ئازارو برسێتی دە بێتە دڕندە یە کی نە خۆش. لە دڕندە کە زیاتر بە سە ر مرۆڤ نایێت، ئە وە ی کە قە شە "چاکتری" کرد. لە سە دە زووە کانی ناوە ڕاست، ئە و کاتە ی کە نیسە لە ڕاستی دا پێش هە موو شتێک پێشانگای ئاژە ڵ بوو، لە هە موو شوێنێک مرۆڤ جوانترین نموونە ی "باشترکراوی" لە"قژزە ردە کێویە کە"، لە ڕاووشکارە کە دروستکرد، بۆ نموونە، لە ئە ڵمان. بە ڵام ئە و ئە ڵمانە، ئە و نموونە باشترکراوە لە کە نیسە ئاخنراوە چۆن بوو؟ لە کاریکاتۆرێک دە چوو، لە سە قە تێک: کرا بە گوناهکار، لە قە فە س ئاخێنرا، بە پێی تێگە یشتنە ترسناکە کان گلدرایە وە.... ئێستا ئە م نە خۆش کە وت، خە مبار ، لە دژی-خۆی شە ڕانی، ڕقدار لە دژی مۆتۆڕی ژیان، گوماندار لە هە موو شتێک، کە بە هێزو بە ختە وە رە، بە کورتیە کە ی "مە سیحیە ک"..... بە گۆتە یە کی فیزیۆلۆجیانە، لە شە ڕیک دا دژی دڕندە

ته نها ڕێگا نه خۆشکردنه، که لاوازی بکا. که نیسه له مه گه یشت، مرۆڤی بۆگه نکرد، لاوازی کرد، به ڵام وا یدانا، که باشتریکردووه.

3

حاڵه تێکی تری ئه م به ناو-مۆڕاڵه وه رگرین، حاڵه تی ماڵیکردنی ڕه گه زو چۆنیه تیه کی دیاریکراو. گه وره ترین نموونه ی ئه مه مۆڕاڵی هیندیه وه ک " یاسای مانوو" ی په یوه ندیدار به ئاین. لێره دا ئه رک داندراوه، لانی که م چوار ڕه گه ز له یه ک کات دا ماڵی بکرێ: یه کێکی قه شه یی، یه کێکی شه ڕانگێز، یه کێکی بازرگان-و-جووتیاری[4]. له کۆتایی ڕه گه زێکی ماڵدار، سودراکان[5].دیاره ئێمه له مه زیاتر له ژێر په روه ده کارانی ئاژه ڵاندا نین: مرۆڤێکی نه رمترو عاقڵتری سه دجار زیاتر پێشمه رجه بۆ ئه وه ی پلانێکی ئاوای ماڵیکردن دابنێت وهه روه ها ئیدراکی بکات. بۆ ئه وه ی مرۆڤ بچێته دونیایه کی ته ندروستر، به رزتر و دوورتر، ده بێت بێته ده ره وه له دونیای نه خۆش و زیندانی مه سیحی. "تاسته مێنتی کۆن[5]" چه ند ڕۆح-هه ژار تره به رانبه ر مانوو، بۆنی چه ند پیس دێت! ئه م ئۆرگانیزاتسیۆنه پێی گرنگ بوو ترسناک بێت، ئه م جاره نه ک له شه ڕێک له گه ڵ دڕنده، به ڵکوله دژی تێگه یشتن، له دژی مرۆڤه-نا-ماڵیکراوه که، له گه ڵ سه ره و-خوارکراو و له گه ڵ چه ندالا. جارێکی تر هۆیه کی تری نه بوو بۆ ئه وه ی نابڤه ی بکات، لاوازی بکات، له وه ی نه خۆشتری بکات. شه ڕێک بوو له گه ڵ "زیاترین ژماره".له وانه یه هیچ نه بێت دژی هه ستی ئێمه بوه ستێت زیاتر له وڕیسایه ی-پاراستنی مۆڕاڵی هیندی. مه راسیمی سێهه م بۆ نموونه " ئه دڤانا ساترا"[6] ی ڕێکخستنی سه وزه ی پیس، ئه وه ی که، ته نها ئه م سه وزانه بۆ چه ندالا ڕێگاپێدراون، که ده بێت ته نها پیازو سیر بن؛ له و گرنگیه ی، که نووسینی پیرۆز قه ده غه ی کردووه. ناوک یان ئه و سه وزانه ی که ناوک هه ڵده گرن، یان ئاو یان ئاگر ی بده ن. هه مان مه راسیمی ئاو جێگیرکراوه، که نه ئاوی ڕووباره کان، نه هی کانیه کان، نه هی گۆمێک ناتوانرێت به کار بهێنرێت، به ڵکو ته نها ئاوی زه لکاوه کان، هی کوونه کان، ئه وانه ی له پاژنه ی پێی ئاژه ڵان دروست بوون. هه ر به م شێوه، قه ده غه یه **خۆیان بشۆن**، **جلیان بشۆن**، ته نها ئه و ئاوه ی که بۆ به زه یی پێداهاتنیان[7] دروست بووه، بۆیان هه یه تینوویه تی خۆیان پێبشکێنن. له کۆتایی دا، قه ده غه کردنێکی تر له ژنی سوودراکان، ژنانی-چه ندالا له کاتی منداڵ بوون لایان بووه ستن، له هه مان شوێن بۆ ئه وانی تریش له گه ڵ یه ک بن. سه رکه وتنی ئه فریاکه وتنه پۆلیسیه هیچی لێنامێنێته وه : ڕێکخستی تاعون، نه خۆشی جنسی ترسناک، له وه گرنگتر دووباره " یاسای چه قۆ" سوننه ت کردنی ڕه گه زی پیاو، لێکردنه وه ی مێتکه ی منداڵانی مێینه. مانو خۆی ده ڵێت: چه ندالا به ری شکاندنی-شه ره فه، شه ره فی خوێن و تاوان ( ئه مانه به ر هه می زه رووری تێگه یشتنه ماڵیکردنیه کانن) بۆ خۆداپۆشین ته نها لومپنه[8] مرۆڤ بن، ته نها قاپ ی شکاویان هه بێت، خۆجوانکردنیان ته نها به کۆنه ئاسن و بۆ خوایه رستیش ڕۆحی شه ڕانگێز. ده بێت بێئارام له شوێنێکه وه بۆ شۆێنێکی تر گووزه بکه ن. بۆ ئه وان قه ده غه یه به ده ستی ڕاست بنووسن و ده ستی ڕاست به کار بهێنن. به کارهێنانی ده ستی ڕاست و له چه په وه بۆ ڕاست ته نها گه وهه رێکه، مافی گه لی ڕه سه نه.

4

ئه و ئاكارانه ته واو گاڵته جاڕین، له نێوانیان دا ئێمه مرۆڤایه تی ئاریمان هه یه، ئێمه فێرده بین که بیرۆکه ی " خوێنی پاک" دژی تێگه یشتنێکی بێگوناهانه یه. له لایه کی تره وه ڕوونتر ده بێته وه، له ناو کام گه ل، ڕق، ڕقی چه نداڵا له دژی ئه م مرۆڤایه تیه به نه مری–کرا[9]verewigen، بۆ ئه وه ی ببێته ئاین، ببێته داهێنه ر به پێی ئه و بۆچوونه، ئێڤانگێلیه کان به ڵگه ی یه که م ئه م چۆنیه تیه ن؛ له مه زیاتر کتێبی هێنۆخه[10].مه سیحیه ت له ڕه گی ئاینی جووله که ته نها لێره ڕا مرۆڤ تێی ده گات، گه وره بووی ئه م ژینگه یه یه. نوێنه رایه تی بزاڤێکی–دژ ده کات،دژی هه ر ئاکارێکی په له وه راندنه، په له وه راندی ڕه گه زێک، هی ئیمتیازێک. ئه مه ئاینێکی دژه–ئارییه. مه سیحییه ت: هه ڵگێڕانه وه ی هه موو به ها ئاریه کانه، سه رکه وتنی به ها–چه نداڵیه کان، ئینجیلی هه ژاران، هی مرۆڤه نزمه کان نه سیحه ت، ده کات، کۆی–سه رهه ڵدانی پلیشاوه کان، نه گبه ته کان، سه قه ته کان و وونبووه کانه، له دژی ڕه گه زه(Rasse)–و نه مری ڕقی چه نداڵا وه ک ئاینی خۆشه ویستی.......

5

مۆڕاڵی په له وه رکردن و ماڵیکردن له گه رمه ی سه رکه وتن دان، به ته واوی هاوشانی یه کترین: ئێمه به رزترین ڕسته داده نێین، که بۆ ئه وه مرۆڤ مۆڕاڵ دروست بکات، پێویسته بێ مه رج، ئیراده یه کی دژه–مۆڕاڵی هه بێت. ئه مه گه وره ترین کێشه یه، زیاترین لێکۆڵینه وه م له سه ر کردوه: سایکۆلۆژیای "چاکترکه ری" مرۆڤ. گرفتێکی ڕاسته، به ڵام بچووک و بڕیارئامێزه، ئه وه ی پێی ده ڵێن "فێله باشه که"[11] یه که م ڕێگا، ئه م کێشه یه ی داپێم: فێله باشه که، سیفه تی بۆماوه ی هه موو قه شه و فه یله سوفه کان،ئه وانه ی مرۆڤیان "باشتر" کرد. نه مانوو،نه ئه فلاتوون، نه مه سیحییه ت و ئاینی جووله که و نه کۆنفۆشیوس هه رگیز له درۆی خۆیان به گوومان نه بوون....به ته عبیرێکی فۆرمی: مرۆڤ ده کارێ بڵێت: هه موو وه سیله کانی تا ئێستا وا دانراوه مۆڕاڵی مرۆڤیان چاکتر کردووه، له بنچینه دا بێ-مۆڕاڵی (بێئاکاری) بوونه.

## وشه و مانا

1. زانستی هێما
2. زانستی ده ستنیشانکردنی هێمای نه خۆشیه کان
3. مرۆڤ لێره دا وه که که سی یه که می نادیار، وه ک پاسیڤیش
4. بۆچی نیتچه بازرگان و جوتیاری له ناو یه ک چوارچێوه داناوه؟
5. ئاینێکی هیندیه
6. ئاینێکی هیندیه
7. ئاوی پیرۆز–ئاوی به زه یی
8. نوسراوه خۆداپۆشین به پێستی مردوو
9. به زمانی ئینگلیزی immortalize

10که سایه تیه کی ته ورات

.10 pia fraus لاتینی

له کتێبی Nietzche Contra Wagner و Götzendämmernung